# کوردینە ئاگادار بن، پیلانەکانی ئەمریکا بۆ کوردوستانی باشور جێگای گومانن

میرزا نامۆ

گومانێکی زۆرم هەیە لەمەڕ پیلانەکان و شێوازی خۆ ئامادەکردنی ئەمریکا بۆ لێدانی عراق. لەوە دەچێت ئەمەریکا لە هەوڵی ئەوەدا بێت کە هەلومەرجێکی لەبار بۆ کارەساتێکی تری کۆمەڵ کوژی بۆ دانیشتوانانی کوردوستانی باشور برەخسێنێت پێش ئەوەی رژێمی عراق لەناوبەرێت.

لە بواری سیاسیەوە کۆمەڵ کوژییەکی تر لە کوردوستانی باشور سودێکی زۆر بە ئەمەریکا دەگەیەنێت وە دەتوانێت باشترین هەلمەتی پروپاگەندەی بۆ دەستەبەر بکات. ئەمەریکا دەتوانێت وێنەی کوژراو و قەلاچۆ کراوانی کورد لە رێی دەزگاکانی میدیاوە بە جیهان بگەیەنێت بۆ دەم کوت کردنی هەرجۆرە نارەزاییەک لەمەڕ مانەوەیان لە عەرەقدا بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ. کارەساتێکی ئەوتۆ سود بە تورکیاش دەگەیەنێت چونکە ئەوەی کوردەکان لەو دووازدە ساڵەی رابردوودا پێکیانەوە ناوە لەناو دەچێت و کوردەکان دەبنە نێچیرێکی ئاسان بۆ ڕاو کردن یان دەستەمۆ کردن.

ئەگەر ئەمەریکا نیازی هەیە لە کاتی لێدانی عراقدا لە باکوریشەوە هێرش بکات، ئایە خۆ ئامادەکردن بۆ ئەو هێرشە لەناو خودی کوردوستانی باشوردا باشتر نییە وەک لە تورکیاوە؟ بۆچی ئەمەریکا سەر بۆ مەرجەکانی تورکیا دادەنەوێنێت و چەندین هەزار ملیۆن دۆلار بەرتیل دەدات بە تورکیا تا رێگە بدات سوپای ئەمەریکی لە تورکیا جێگیر بکرێن و دوای هەڵگیرساتی شەرەکە ئینجا ببرێنە ناو کوردوستانەوە. ئایە ئەمە گەیاندنی هێزەکەی ئەمەریکا بۆ شوێنی شەرەکە لە کاتی پێویستدا دواناخات؟ ئایە ئەمە دوو مەسرەفی نییە بۆ ئەمەریکا؟ ئایە ئەمە کاریگەری هێزەکە کەم ناکاتەوە؟ ئەگەر هەلومەرجی رێگاوبانی نێوان تورکیا و کوردوستانی باشور لەبەر چاو بگرین کە شاخاوییە و رێگاکان تەسکن و کاروانی سەربازیش بەهێواشی دەرۆن و بە ئاسانی دەستیان لێ دەوەشێندرێ ئایە ئەمە هێزەکەی ئەمەریکا ناخاتە مەترسییەکی گەورەترەوە؟

من لەو بروایەدا نیم کە ئەمەریکا هێندە ساویلکە بێت لە پیلان دانانی سەربازیدا، هەروەها هەرگیز بروا بەوەناکەم کە ئەوان حەز بکەن مل بۆ مشەخۆری تورکیا دابنەوێنن و سی هەزار ملیۆن دۆلار لە پارەی خەڵکی ئەمەریکا بە فیرۆ بدەن. بەڵام من بروایەکی بەهێزم هەیە کە ئەمەریکا نیازی وایە کوردەکانی کوردوستانی باشور بکات بە مەڕی قوربانی تا دڵی خواکانی رەخنە کە هەرکەسێک بن و لە هەر شوێنێک بن خۆش بکات.

بە بۆچونی من لە کاتی جەنگی دژی عراقدا ئەمەریکا ئەم پلانەی بۆ کوردوستانی باشور دارشتووە: وەک چاوەڕێ دەکرێ ئەمریکا شەرەکە بە هێرشی هەوایی دەست پێ دەکات و سوپای عراق بەهۆی ساروخ و فرۆکەی جەنگییەوە دەکوتێت تا لاوازیان بکات و وەرەیان پێ بەربدات و بۆ خۆ بەدەستەوەدانیان ئامادەبکات، بەڵام لە کاتی ئەو هێرشانەدا سوپای ئەمریکی خۆیان لە عراق دوورەپەرێز دەگرن تا هیچ زیانێکی گیانیان پێ نەگات، ئەمەش دەرفەتێکی تەواو بۆ سوپای عراقی دەرەخسێنێت تا دەست لە کوردەکان بوەشێنێت. ئەمریکا بەئاواتەوە دەبێت کە عراق لەو پەلامارەدا چەکی کیمیاوی بەکار بهێنێت بۆ ئەوەی بۆ جیهانی بسەلمێنێت کە عراق ئەو چەکانەی هەیە و ئەمەریکاش راستی کردووە کە لە پێش شەرەکەوە دەی ووت عراق ئەو چەکانەی هەیە. ئەمەریکا کەرەسەی خۆپاراستنی لە چەکی کیمیاوی نەداوە بە کوردەکان بۆ ئەوەی ئەگەر کارەساتێکی لەو جۆرە روویدا کاریگەریەکی گیانی و دەرونی بەهێز بکاتە سەر خەڵک لە هەموو شوێنێک.

بەڵام ئەگەر عراق هێندە ساویلکەش نەبێت و چەکی کیمیاویش بەکار نەهێنێت، دوا هەوڵیان بۆ داخی دڵرشتن و تۆڵەکردنەوە لە کوردەکان بە چەکی ئاسایش کوشندە دەبێت و زیانێکی زۆر بە کوردوستانی باشور دەگەیەنێت و دەبێتە هۆی ئاوارەبونی خەڵکەکەی و راکردنیان بەرەو سنورەکان. لەو کارەساتەشدا داموودەزگا کوردییەکان و هێزە چەکدارەکانیان یان لەناو دەچن وەیان بە رادەیەکی زۆر لە دەستەڵاتیان کەم دەبێتەوە وەک چۆن لە دوای پەلامارەکی پاش راپەرینی ١٩٩١ رویدا.

www.kurdistannet.org

ئەمەریکا وای بۆ دەچێت کە کوردەکان لەو هەلومەرجەدا بە هەر شتێک ڕازی دەبن و ئەویش دەتوانێت دوا گورزی خۆی لە عێراق بوەشێنێت و ئینجا هێزەکانی بباتە ناو سنوری عێراقەوە و بێ مەترسییەکی ئەوتۆ ڕووبەڕووی ڕژێمی عێراق ببێتەوە و وەک پاڵەوان و ڕزگارکەری عێراق ناوێک بۆ خۆی دروست بکات.

من پڕ بەدڵ حەز دەکەم بەهەڵەدا چوبم و ئەم بۆچونانەم لەمەڕ ئەمەریکێکان ڕاست نەبن. هیوادارم هۆی چونی ئەمەریکا بۆ تورکیا و پاشان بۆ کوردوستان تەنها لەڕوی ساویلکەیانەوە بێت، وە هیوادارم هۆی دەستەبەر نەکردنی کەرەسەی دژی چەکی کیمیاوی بۆ خەڵکی کوردوستان کە زۆر کەمتری تێدەچێت لەو بیست و شەش هەزار ملیۆن دۆلارەی کە ئامادەن بیدەن بە تورکیا تەنها ئەوە بێت کە بە بیریاندا نەهاتووە وەیان کوردەکان هێشتا داوای ئەو کەرەسانەیان نەکردووە و بە ئەمەریکێکانیان نەوتووە کە ئەوان لە کوردوستانی باشور لە کاتی جەنگی عێراقدا لە هەموو شوێنێکی تر زیاتر لە مەترسی پەلاماردان.

زۆربەی هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراق و کوردوستانیش پشتگیری لە شەڕی ئەمەریکا لە دژی عێراق دەکەن. کوردەکان ناوچەیەکی گەورەیان بەدەستەوەیە کە لەناو خودی عێراقدایە و دەتوانن زیاتر لە ١٠٠٠٠٠ جەنگاوەر ئامادە بکەن کە لە زۆر ناوچەدا کەمتر لە دوو سەعات لە بەغداوە دوور دەبن. چەند جێگایەک هەن لەو بەشەی کوردوستان کە دەتوانرێت بۆ نیشتنەوەی فڕۆکە بۆ هێنانی سوپا و ئامێری سەربازی بەکار بهێنرێن بەبێ هیچ پێویستییەک بە بەشداربونی تورکیا لەو هەڵمەتەدا.

لە ژێر ڕۆشنایی ئەم ڕاستیانەدا، دەستەڵاتدارانی کورد و هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراقی پێویستە ئەم چەند مەرجە بدەن بە ئەمەریکا پێش ئەوەی بیەڵێن بەرەیەکی شەڕ لە کوردوستانی باشورەوە بکاتەوە:

یەکەم، دان بەو بەشە ئازادەی کوردوستاندا بنێ وەک وڵاتێکی ئازاد، وە ئەگەر وشەی کوردوستان دەتتۆقێنێت، هیچ نەبێت وەک بەشێکی یاسای و ئازادی عێراق دانی پیابنێ تا بتوانن پەیوەندی ڕاستەوخۆ و ئازادیان لەگەڵ جیهاندا هەبێت و هەموو گەمارۆکانیان لەسەر لابچێت.

دووهەم، یارمەتی حکومەتی کوردوستانی باشور بدە کە سوپایەکی بێلایەن و پڕ تفاق دابمەزرێنێت.

سێ هەم، پێش لێدانی عێراق هەموو سەرباز و ئامێرەکانی شەڕی ئەمەریکی کە بۆ هێرش لە کوردوستانی باشورەوە بەکار دەهێنرێن بهێرێنە ناو کوردوستانەوە و لە سەر سنوری نێوان حکومەتی هەرێم و دەوڵەتی عێراق دابنرێن تا لە کاتی بەرپابونی جەنگدا عێراق نەتوانێت بە ئاسانی دەست لە خەڵکی کوردوستان بووەشێنێت.

چوار هەم، بە بڕیارێکی نوسراو و ئاشکرا ڕای بگەیەنە کە پەلاماری هەر وڵاتێکی دراوسێ دەدەیت ئەگەر دەستدرێژی بکەنە سەر سنوری عێراق لە کاتی شەڕەکەدا یان دوای شەڕەکە.

بەبێ دڵنیا بونێکی لەم چەشنە، خۆ نابوت کردن دەبێت بۆ دەستەڵاتدارانی کورد ئەگەر مۆڵەت بە ئەمەریکا بدەن لە ڕێی تورکیاوە هەرەشەی هێرشی بەناو خاکی کوردوستانا بکاتە سەر عێراق. ئەگەر ئاسایش و ژیانی خەڵکی کوردوستان ناتوانرێت بپارێزرێت، دەستەڵاتدارانی کورد پێویستە بێ لایەنی خۆیان لە شەڕەکەدا ڕابگەیەنن و داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن کە ناوچەکە لە ڕژێمی عێراق و سوپای تورک و ئەمەریکی بپارێزێت لە کاتی شەڕدا. چونکە ئەگەر ئێمە هیچ سودێکمان پێ نەگات لە و شەڕەدا، پێویست ناکات کە زیانیشمان پێ بگات و ئەوەشی هەمانە بە فیڕۆ بڕوات.

کانادا

٢٠٠٣/٢/٢٧

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نییە ئەم نوسینە لەگەڵ بیروبۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت) ە، بەڵام بەهۆی بڕوابوونمان بەئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە... لەگەڵ ڕێز و خۆسەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوەیی و خەباتکاری ئەم ڕێگایە.

ئەم تێبینی یە لەژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت.... ١٥-١-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org